# پێوانەکردنی تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو

محەمەد خدر قادر



٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٥ توێژینەوە

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی ســـەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە زانینی ئاســـتی تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو، بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکوو باری خێزانی، ئابووری و شـــوێنی نیشـــتەجێبوون. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە ئیدارەی ســـەربەخۆی ســـۆران لەخۆ دەگرێت و نموونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتی بووە لە (68 ژنی خەتەنەکراو). لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەســـتکەوتنی داتاکان میتۆدی چەندێتی بەکارهاتووە، و بۆ زانیارییەکانیش پشـــت بە فۆرمی ڕاپرسی بەســـتراوە. بۆ گۆڕاوی ســـەرەکیی (تراوما) پێوەری (Cloitre, M. 2018)، بەکار هێنراوە. دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماری و بە یارمەتی بەرنامەی ئاماریی (SPSS) داتاکان شرۆڤە کراون. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخســـتووە کە

تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو بوونی هەیە. بەگوێرەی گۆڕاوی باری خێزانی، دەرکەوت بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش واتا هیچ جیاوازییەک لە میانەی بارەکانی خێزاندا نییە. هەروەها بەگوێرەی گۆڕاوی باری ئابووریش هیچ جیاوازییەک نییە لای نموونەی توێژینەوە. سەبارەت بە کۆتا دەرئەنجام بەهەمان شێوە دەرکەوت کەوا بەگوێرەی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون بەڵگەداری ئاماری نییە. بۆیە جیاوازی نییە لەنێوان دانیشتووانی گوند و شار. لەکۆتاییشدا توێژەر بە ڕەچاوکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستۆتە ڕوو.

**وشە کلیلییەکان**: تراوما، ژن، خەتەنەکردن، دەڤەری سۆران.

## پێشەکی

دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان وەک کردارێکی نەریتی لە زۆربەی کولتوور و کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، ئەم دیاردەیە لەو کولتوورانەی نەریت تیایاندا زاڵن، بەربڵاوترە. بێ شک لە بەرامبەر ئەمەدا، لایەنە ئایینی و نەریتییەکان لەپێناو پاکانەکردن بۆ ئەم دیاردەیە، پاساوی جۆربەجۆر دەهێننەوە. دواتر، کۆی ئەو لێکۆڵینەوە و چالاکییانەی سەبارەت بەم پرسە ئەنجام دراون، تەنیا لایەنە جەستەیی و شوێنەکییەکەیانی بەر دیدە گرتووە، بەبێ ئەوەی هێڵە دەروونییەکەی بە شێوەیەکی زانستی و پشتبەست بە ئامار ڕوون بکەنەوە.

تراوما وەک چەمکێکی بنەڕەت بۆ تێگەیشتن لە خەتەنەکردنی مێینەدا بەکار دەهێنرێت. چونکە ئازاری جەستەیی نەک تەنیا دەستبەجێ بەڵکوو ئەو زیانە دەروونی و سۆزدارییە بەردەوامانەی کە بەدوایشیدا دێت، دەگرێتەوە. خەتەنەکردن ڕووداوێکی یەکجارەکی نییە؛ ئەزموونێکە کە بەردەوام هەستی سەلامەتی، یەکپارچەیی جەستەیی و سەربەخۆیی کەسی دەشکێنێت. بە بەکارهێنانی تراوما وەک ئامرازشیکاری، توێژەران و پزیشکانی کلینیکی دەتوانن باشتر لەوە تێبگەن کە خەتەنەکردن چەندە قووڵ کاریگەری لەسەر جیهانی ناوەوەی

کەســـەکە هەیە و چۆن ترس، شـــەرمەزاری و ســـەرلێشـــێواوی دوای خودی کردەوەکە بەردەوامی دەبێـت. ئەم ڕێبـازە گرنگە چونکە ڕوانگە بۆ پراکتیزە کولتوورییەکـان یـان دەرئەنجامە تەندروسـتییەکان دەگۆڕێت بۆ واقیعی بەرجەسـتەبووی ئەوکەسـانەی بڕینی نەبینراویان هەڵگرتووە، ئەمەش ڕێگە بە وەڵامدانەوەی ئەزموونی، ئێسـتایی و بابەتێتیی زیاتر دەدات لە هەردوو چوارچێوەی پزیشکی و کۆمەڵایەتیدا.

### کێشەی توێژینەوە

تراوما (زەبری دەروونی) پەرچە وەڵامێکی هەستەکیی بەهێزە بۆ شـتێکی شـڵەژێنەر، ترسـناک، یاخود داخورپێنەر (ڕۆبنسـن، ب.ن.). تراوما وەختێک ڕوو دەدات کە شـتێکی تەواو ڕاتەکێن یان ترسـناک کۆمەڵە هەسـتێکی وەک بێدەربەسـتی، نائارامی، یانیش جڵەونەکراو بۆ مرۆڤ دروست بکات. دۆخەکە تەنیا پشتبەستی ئەوە نییە چ شتێک ڕوویداوە، بەڵکوو پەیوەندی بەوەوە هەیە کەســـەکە چۆنچۆنی لەم مـاوەیەدا هەســـتی کردووە. تراومـا زۆرجـار بەبێ ژانگەیاندنێکی جەســـتەیی، دەکرێت خۆکردانە لە هەســـتکردن بە ترس، تەنیاییەکی قووڵ، یان بێدەسەڵاتییەوە دروست ببێت. لە توانایدا هەیە بەردەوام زەبرێکی سۆزەکیی جێبهێڵێت و متمانە یاخود ئاساییبوونەوە بۆ کەسەکە بکاتە شتێکی سەخت (Robinson, n.d).

هەر لەو ڕوانگەیەوە تراوما وەک لە پێناسـەکەدا دەردەکەوێت هۆکاری دروستبوونی بریتییە لە ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک، کە تاک لە ژیانی خۆیدا ئەزموونی کردوون. تراوما لە کاتی فۆرمولەبوونیدا تەنیا بەوەوە ناوەســـتێت کەســـەکە تووشی ناڕەحەتی و گرژییەکی دەروونی بکات، بەڵکوو فرەڕەهەندانە کاریگەریی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر زۆر لایەنی تری سـایکۆلۆژیی کەسـەکە دەبێت. هەر بۆیەشـە دەکرێت هەموو ڕووداو و ئەزموونە ناخۆشـە کەسـییەکان ببن بە هۆکاری دروســـتبوونی تراوما، یەکێک لەوانەش خەتەنەکردن. شـــایەنی باســـە لە ڕوانگەی تێگەیشـتنی نەریتییەوە خەتەنەکردن وەکوو بەشـێک لە سـتایلی ژیان بینراوە، ئەم کردەیە دژ بە کچان، کە بە خەتەنەکردن دەناسرێت بریتییە لە لابردنی بەشـێک لە ئەندامی مێیینەی کچان.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەم جۆرە باس لە خەتەنەکردن دەکات: خەتەنەکردنی ژنان کۆی ئەو کردانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە بڕینی پارچە بەشەکی و گشتەکییەی ژنان، یان بریندارکردنی بەشەکانی تری بەهۆی چەند هۆکارێکی ناپزیشکییەوە (WHO, 2025). ئەم کردارە لە لایەن کەسێکی دیاریکراو بۆ منداڵێک ئەنجام دەدرێت. لە زەینە گشتی و کولتوورییەکەدا کردەکە هیچ نییە جگە لە بڕینی بەشێکی بچووکی ئەندامەکە، بێ ئاگا لەوەی جەستەی بایۆلۆژی هەریەک لە مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ یەکانگیرە و لەگەڵ دەروونیدا لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدایە.

دیارە ئەم وتووێژە لە زانستی دەروونزانییدا پێگەیەکی دیاری هەیە، بابەتێک بووە سەرنجی سایکۆلۆژیستەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی بیکەنە کەرەستەی توێژینەوە. هەروەها بە پێچەوانەوەی ئەو تێگەیشتنە باوەی جاران هەبووە گوایە منداڵ ڕووبەڕووی هیچ گرفتێکی دەروونی نابێتەوە، زانستی دەروونزانیی سەردەم جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەکرێت منداڵ دوای تەمەنی یەک ساڵان دوچاری زەبری دەروونیی ببێتەوە (مۆرگان، ٢٠٢١).

هەر یەک لەو نەخۆشی و گرفتە دەروونییانەی بەرەوڕووی ئێمەی مرۆڤ دەبنەوە، کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەت بەخۆیان هەیە. یەکێک لە نیشانەکانی مێشکی کەسی تووشبوو-بە-تراوما بریتییە لە فلاشباک، واتە ئەو کەسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتە و ڕووداوەکانی دێنەوە یاد. ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ناهاوسەنگی لە دەروونی تاکەکە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، گەر سەرنج بدرێتە توێژینەوەکەی (بەیان عەزیزی) ئەوا لە ڕێگەی باسکردنی چەند نموونەیەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کەسەکان تووشی هەمان دۆخی فلاشباک بوون، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ هەستکردن بە نائارامی. لە توێژینەوەکەی ناوبراودا، بەشداربوو "ب" لە ڕوونکردنەوە سەبارەت بە ڕەوشی خۆی ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەمیشە هەستی بەوە کردووە شتێک لە جەستەکەی بردراوە و بەهۆیەوە هەست بە نووقسانی دەکات. "ب" بەردەوام دەبێت و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەردەم حەزی بە دیتن و لە باوەشگرتنی پیاوێکی کردووە، ئەمەش تەنیا لەناو ئەندێشەکانیدا بووە و تیایدا جەستەی هاوکاری نەبووە. ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو ساتەی بووە، کە بە خەتەنەکردنی کەلێنێکیان لە جەستە و دواتر دەروونی دروست کرد (٢٠٢١).

ئەو هەستکردن بە کێماسییە لای ژن سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی هەمیشە خۆی بەو ژنانە بەراورد بکات کە خەتەنە نەکراون. ئەو توێژینەوانەی لەمەڕ ئەم حاڵەتەوە کراون، دەرخەری ئەوەن ئەم هەستی بەراوردکردنە چییە و چۆن دەردەکەوێت؛ لە ساڵی ٢٠٢٤ لە بەراوردکارییەکدا لە نێوان ژنانی خەتەنەکراو لەگەڵ ئەوانەی خەتەنە نەکراون، دەرکەوتووە لە کۆی ٧٧٢ ژنی بەشداربوو، کە ٣٨٢ یان خەتەنەکراو و ٣٩٠ یان ژنی خەتەنەنەکراو بوون. ئاشکرابوو کەوا جیاوازییێکی گەورە هەیە لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیە، لە ڕووی؛ خەمۆکی، خودمتمانەیی، و تێربوونی سێکسییەوە.

ژنانی خەتەنەکراو بە تێکڕا ڕێژەی خەمۆکییان زیاترە بە بەراورد بە ژنانی خەتەنەنەکراو، و ڕێژەی خودمتمانەییبیان بە تێکڕا کەمترە، هەروەها بە تێکڕا ئاستی تێربوونی سێکسیشیان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ژنانی خەتەنەنەکراو (2024, Hamad et al).

سەرەنجام، لەژێر ڕۆشنایی ئەو کۆمەڵە سەرچاوە و توێژینەوە زانستییانەی جەختیان لەسەر کراوەتەوە، دەشێت ئاماژە بەوە بدەین خەتەنەکردن هاوشێوەی نەریتێکی کۆنی دواکەوتوو، دژ بە هەموو مافە ڕەگەزییەکانی ژنان دەوەستێتەوە. ئەم شێوە نەریتە زاڵ و پاشەوپاشە لە ڕێگەی هەژموونی کولتووری، ئایین و دابونەریتەوە جگە لە کەمئەندامکردنی ژنان هیچ خزمەتێکی تر بە کۆمەڵگەکان ناکات. دروستکردنی ئەو درز و کەلێنە سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی چڕ، کەوا کاریگەری لەسەر کۆی ژیانی کەسەکە دروست دەکات. لەوانە تووشبوون بە تراوما، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، ترسی کۆمەڵایەتی، کێشەی سێکسواڵیتە، و تەندروستیی جەستەیی خۆی... هتد. ئەوەی لێرەدا وەک پرسیار دەردەکەوێت کارکردنە لەسەر ئەو ژنانەی لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەهەر هۆکارێک بووە خەتەنەکراون، ئایا ئەم پرۆسەیە تا چەند کاریگەری هەبووە لەسەر تووشبوونیان بە تراوما؟

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

1. زانینی ئاستی تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو.

٢. زانینی ئاستی تراوما لای ژنان بەگوێرەی گۆڕاوی باری خێزانی.

٣. زانینی ئاستی تراوما لای ژنان بەگوێرەی گۆڕاوی باری ئابووری.

٤. زانینی ئاستی تراوما لای ژنان بەگوێرەی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون.

## بەشی دووەم: پێداچوونەوەی وێژەیی توێژینەوە (Literature Review)

یەکێک لەو بابەتە گرنگ و سەرەکییانەی زانستی دەروونزانی بە شێوەیەکی ورد کاری لەسەر دەکات، بریتییە لە تراوما (زەبری دەروونی). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو ڕووداو و بابەتانەی لە ئێستای دنیادا ئامادەییان هەیە، وەک بوونی جەنگ، قەیرانەکان، دەستدرێژی و زەبروزەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە.

تراوما پێناســـە دەکرێت بەوەی، هەر ڕووداوێک زەبراوی دەبێت، ئەگەر هات و زیاد لە ڕادەی خۆی مرۆڤ نارەحەت بکات، یان بە لایەنی کەمەوە بۆ ســـاتێکی کاتیی بە شـــێوازێک بەســـەر توانا ناوەکییەکانی مرۆڤدا زاڵ بێت و نیشـانەی درێژخایەنی دەروونی بەرهەم بێنێت (ئیسماعیل، ٢٠٢٣).

هەروەها  Mary Jacobus پێی وایە، کە تراوما لەوانەیە ڕزگاربووەکە لەنێو شـــینگێڕییەکی بێکۆتاییدا نقومبکات، یاخود گوناهێکی ئاســـایی، بکاتە گوناهێکی چارەســـەرنەکراو (ناندی، ٢٠٢٠).

پەیوەســـت بەم بابەتەوە، کاتێک ئاوڕ لە مێژووی نەتەوەی خۆمان دەدەینەوە، دەبینین کەوا بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی ڕاچڵەکێنەر بووینەتەوە، کەوا بە شێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ کاریگەری لەســـەر بونیادی کەســـایەتییمان دروســـت کردووە. لەوانە؛ جەنگ، جینۆسـاید، ئەنفال، لاقەکردن و داگیرکاری بەردەوام. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش منداڵان ئەگەری ئەوەیـان هەیە ڕووبەڕووی چەنـد گرفتێکی تری بنچینەیی ببنەوە لەوانە، زەبری دەروونی، سێکسی و جەستەیی (ئەمین & میللەر، ٢٠٢٢).

لە ڕووی بایۆلۆژیشـەوە ئەگەر سەرنج بدەین، کاتێک ئازار جەستەی کەسێک داگیر دەکات، ئەوا دەروون هەڵچوو و شـــڵەژاو دەبێت. هەڵبەت ئەمە لایەنی دەروونی و بوارەکانی تری ژیانیش دەگرێتەوە (حوسێن، ٢٠٢٤). کۆمەڵە هۆکارێکی لەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بە چەندین شـــێوە کاریگەری لەســـەر منداڵان دروســـت ببێت، وەک چەقین و وەســـتانی گەشـــەیان، لە لایەنی دەروونیشـــەوە تووشی جۆرێک لە پووکانەوە دەبن، هەروەها وادەکات لە خوێندن دوابکەون، ئەمانەش لە دەرئەنجامی کەمبوونەوەی ئاستی سـەرنج و پەرشبوونی یادەوەری و گرفتی پرۆسێسکردنی زانیارییەکانەوە بەرجەستە دەبن. لێکۆڵینەوەکان دەرخەری

ئەوەن، کە چۆن تراوما کاریگەری هەیە لەسەر ڕێژەی کۆرتیزۆن (هۆرمۆنی فشار) لە مێشکی منداڵ و هەرزەکاراندا (میللەر، ٢٠٢٢).

## جۆرەکانی تراوما

بە شێوەیەکی گشتی تراوما بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێت، ئەوانیش:

یەکەم: ئەمەیان دەتوانرێت پێی بوترێت تراومای سووک، ڕووداوێک ڕوو دەدات بەبێ ئەوەی پێشبینی بکەیت، وەک: ڕووداوی هاتوچۆ، تاڵانکردنی ماڵ... هتد.

دووەم: تراومای قورس، گوزارشت لەو ڕووداوانە دەکات، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو (بەردەوام) ئەگەری ڕوودانیان هەیە، وەکوو: دەستدرێژیی سێکسی، توندوتیژی، ناسۆرییەکانی جەنگ و دیل بوون. ئەم جۆرە تراومایە هەندێکجار سەردەکێشێت بۆ تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی (سەعید، ٢٠١٦). لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە لە یادمان بێت، شێواز و میکانیزمی وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ ڕووداوە زەبراوییەکان، دەکرێت جیاواز بن. ئەمەش لەسەر بنەمای جیاوازی تاکایەتی، واتە دەکرێت ڕووداوێک بۆ دوو مرۆڤ، دوو کاردانەوە و پەرچدانەوەی جیاوازیان هەبێت. لە هەمان کاتدا، ئەو کاریگەرییە نیۆرۆبایۆلۆجییەی کەسی تراومادار، ڕەنگە دەرەچە بێت بۆ دەرکەوتنی چەندین گرفتی بنچینەیی و هەمەجۆری تەندروستی (مۆرگان، ٢٠٢١).

بە شێوەیەکی ئەزموونمەند، ئەو تاکانەی بەر ڕووداوی تراوما دەکەون، ئەوا هەریەکەیان بەشێوەی جیاواز ڕووداوەکە ئەزموون دەکات، بۆیە تووشبووەکان بۆ ناو چەند چوارچێوەیەکی جیاواز دابەش دەبن:

- دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوەی هۆکار بووە بۆ زەبری دەروونی لە هزر و جەستەدا: بوونی فلاشباک (پاشچوونەوە)، گەڕانەوە و دروستبوونی وێنەی نەویستراو پەیوەست بە زەبرەکەت دێنەوە یاد. دەرکەوتنی هەمان ڕووداو لای کەسی تووشبوو، ناوە ناوە بەشێوەی خەون و خەیاڵکردن. ئەزموونکردنەوەی هەمان (شۆک) و دروستبوونی زیانە جەستەییەکانی

وەک، دڵەکزە، خێرا لێدانی دڵ و گێژخواردن. جەستە وەک پانتاییەک بۆ فشارو ئازار دەمێنێتەوە، بێئاگا لەوەی ئەم کاردانەوانە پەیوەندیدارن بە زەبرە دەروونییەکە.

- خۆپەراوێزخستنی کەسی تووشبوو لە یادەوەرییەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکە: دوورکەوتنەوە لە کۆی ئەو شتانەی هاوپەیوەندن بە زەبرەکەوە، یاخود بیرکردنەوە، باسکردن و گفتوگۆکردن لە بارەیەوە. گۆشەگیری و پارێزبەندی لە هەر شتێک کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدان و زیندووکردنەوەی ئەو بیرەوەرییانە؛ شوێن و وتووێژ تایبەت بە زەبرەکە.

- لوتکەی نائاسودەیی و گرژی: بێداری زیاد لە پێویست، دڵەخورپە و ڕاچڵەکین. نەبوونی توانا بۆ کۆکردنەوەی سەرنج، سەرەگێژی جارجارە (ماوندێر و کامیرۆن، ٢٠٢٣). مەرج نییە بۆ تووشبوون بە تراوما، هەمیشە ڕووداوێکی گەورە و سامناک هەبێت. بە پێچەوانەوە، دەکرێت دەرنەچوونی فێرخوازێک لە پرۆسەی خوێندن، یاخود کەمی نمرە، چاوەڕوانی زیاتر، ئارێشە دەروونییەکان، یانیش ناپاکی هاوژینی و چەندان هۆکاری تری جۆربەجۆر ببنە پێشزەمینەیەک بۆ دروستبوونی تراوما (حەسەن،٢٠١٩).

### تیۆرییەکانی تراوما

### تراوما لای زیگمۆند فرۆید (Sigmund Freud)

فرۆید لە سەرەتادا پێی وابوو تراوما لە ڕووداوێکی سێکسیی منداڵییەوە دروست بووە، بەڵام پاش ئەوەی پێداچوونەوەی بەم بۆچوونەدا کرد، تێگەیشت کە تراوما لەو ساتەی ڕوودەدات تۆمار نابێت، بەڵکوو ئەوە تەنیا دوای جێکەوتبوونیەتی لە نەستدا کە کاریگەرییەکانی بەسەر کەسەکەدا دەردەکەوێت (مامبرۆڵ، ٢٠١٧). تیۆریی فریودانی بەرایی فرۆید ئەو گریمانەیە دەکات، کە نیشانە هیسترياییەکان هەڵقوڵاوی ئەزموونە سێکسییە ڕاستەقینەکانی منداڵیین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڕاستەی تیۆرییەکەی گۆڕی بۆ هاودژییەکی ناوەکیی قووڵتر. ئەمەش پێشنیاری ئەوە دەکات تراوما تەنیا ساتێک دروست دەبێت، کە ئەم یادەوەرییە چەپێندراوە لە ڕێگەی کۆمەڵە زاراوەیەکی دەروونییەوە بێدار بکرێتەوە.

فرۆید ئاماژە بەوە دەکات، کە یادەوەریی تراومایی تاکو پێش گەڕانەوەی، لە دەرەوەی ژیانی ئاساییە. سوبێکت لەنێو ململانێیەکدایە بۆ مانا بەخشینێک بەو دۆخەی لە سەرەتادا

مانایی نەدەبووەوە. کەواتە بە زاراوە فرۆیدییەکە، تراوما پەیوەندییەکی چکۆلەی بە ڕووداوە ڕەسەنەکەوە هەیە و زێدەتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن - لە ژێر بارودۆخی نوێدا - بۆ ناو ئاگایی شۆڕ دەبێتەوە و لە ڕێگەی حزوورێکی وەڵامنەدراوەوە کێیەتیی نەخشەکێش دەکاتەوە (Mambrol, 2017).

ئەگەر وەستانێک بکەین و بگەڕێینەوە بنەڕەتی بابەتەکە، دەزانین لە دەروونشیکاریی فرۆیددا، دەستپێکی هەستکردنی مرۆڤ بە نادڵنیایی، بریتییە لە جوودابوونەوەی کۆرپە لە منداڵدانی دایک و فڕێدانی بۆ ناو جیهانی دەرەکی. بە مانایەکی تر، فرۆید ساتی لەدایکبوون وەک سەرەتاترین تراومای مرۆڤ پێناس دەکات، کە منداڵ چیتر لەنێو پانتاییە ئارامەکەی دایکدا نامێنێتەوە. منداڵ لە سەروەختی هاتنە سەر دنیایدا تاکو مردنی بەدوای داشکاندنی ئەم تراومایەی لەدایکبوونەوە لە نەوەستاندایە، نەوەستانێک لەپێناو گەڕانەوە بۆ جیهانە ئارامەکەی دایک. دۆخێکی لەم جۆرەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە درێژایی ژیانی خۆی تووشی جۆرێک دژیەکی ببێت، بە جۆرێک لێی هەڵدێت و یادیشی دەکات، بە واتایەکی تر، یادی ئەو شوێنە دەکات وا تێیدا لە ئارامییەکی ڕەها و سەقامگیردا بووە (سەردەم، ٢٠١٨).

### تراوما لای سلاڤۆی ژیژەک (Slavoj Žižek)

ژیژەک تراوما وەک ئەو درزە دەبینێت کە لە ڕێگەیەوە **ڕیاڵ (*real*)** [1]دەخزێتە ناو پانتاییی ڕەمزی، ئەو خاڵەی ناتوانرێت بە تەواوی قسەی لەمەڕەوە بکرێت یان ڕوون بکرێتەوە دەبێتە هۆی تێکدانی چوارچێوەیەک، کە لەناویدا شتەکان لە دۆخی ئاسایی خۆیاندان. لای ژیژەک، تراوما تەنیا ڕووداوێکی ئازاربەخش نییە، بەڵکو شۆکێکە و دواتر دەبێت بە برین، ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات کە بەشە ئاگامەند-نائاگامەندەکەمان دەگەڕێتەوە بۆی و مانای پێدەبەخشێت. کەیسێکی ناسراوی فرۆید کە "گورگەپیاو"ە، ئەمە بە ڕاشکاوی نیشان دەدات. کاتێک منداڵەکە تەمەنی یەک ساڵان بوو، دایک و باوکی لە کاتی جووتبووندا بینی. لەو ساتەدا هیچ شتێک ڕووی نەدا، چونکە ئەو زانیارییەکی ئەوتۆی نەبوو تاکو لەو دیمەنە

[1] چەمکی ڕیاڵ یەکێکە لە چەمکە گرنگ و بنچینەییەکانی ناو دەروونشیکاریی لاکان و ژیژەک بۆ ڕوونکردنەوەی پرسە فیکرییەکان بەکاری دەهێنێت. چەمکەکە هەروا بە سادەیی مانای "واقع"ێکی پاڵفتەکراو ناگەیەنێت، بەڵکو لاکان لەپاڵ پانتاییی ڕەمزی و خەیاڵییدا، ئەم چەمکە وەک بنکی هەردوو پانتاییەکە دیاری دەکات. ڕیاڵ وەک پانتاییەک ئەو ژێربنکە زبر و نەگیراوەیە کە واقعی لەسەر دروست بووە. ئێمە کاتێک ڕیاڵ ئەزموون دەکەین کە بەر تراوما چاوەڕواننەکراوەکەی دەکەوین، تراومایەک کە لە دەرەوەی پانتاییی ڕەمزیدایە و بە هاتنە ناوەوەی هەموو شتێک دەشڵەژێنێت.

تێبگات کە بینیوەیەتی. بەڵام سـاڵانێک دواتر کە هۆشـیاریی سـێکسـی پەیدا کرد، مانای دیمەنەکەی لێ بووە تراومایەک، ئەو دیمەنە لەبیرکراوە گەڕایەوە، لەم ساتەیدا دیمەنەکە پڕ بوو لە کۆمەڵە مانایەکی نامۆ و ئاگاییەکەی لە توانایدا نەبوو دیمەنەکە بکاتە وشە. ئەمە ئەو سـاتەوەختە بوو کە دیمەنەکە بەشـێوەیەکی پاشـەوپاش بوو بە تراوما، نەک خودی یادەوەرییەکە، بەڵکوو ئەو دیمەنە ڕاسـتەقینەیەی لەو یادەوەرییەدا هەبوو وەک مەحاڵێک "ڕەتی دەکردەوە" ڕەمزی ببێتەوە، سـەرەنجام برینێکی جێکەوت کرد کە کۆی هەسـتی کەسەکەی خستە ژێر کاریگەریی نەرێنییەوە (مایەرز، ٢٠١٤).

## تراوما لە زانستی دەمارناسییدا (Neurology)

تراوما بۆ مێشک، وەک لێدانێک لە سەر یان ڕووداوێکی کوشندە وایە، کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە شـانەکانی مێشـک، دەمار و خوێنبەرەکان. ئەمەش وادەکات گۆڕانکارییەکان دەست پێبکەن، کە هەندێکجار دەستبەجێ یانیش بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدەن. ڕاستەوخۆ دوای تراوماکە، ئەگەری ئەوە هەیە ئاوسـان، خوێنبەربوون، یان لەدەسـتدانی لەناکاوی توانسـتی فەرمان کردن لەو شـوێنانەدا ڕوودەن کە جووڵە، قسـەکردن و هەسـتەکانی تیادا کۆنترۆڵ دەکرێن. دواتر، لەگەڵ هەوڵدانی مێشـک بۆ چاکبوونەوەی، بەشـە جیاوازەکان ڕاسـتەوخۆ لەسـەر شـێوازی تۆڕبەندی و "قسـەکردن"ی ناوچە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا دەرناکەون، کە دەبنە هۆی گیروگرفتی وەک لەدەسـتدانی بیرەوەری، بارگۆڕینی دەروونی، یاخود کێشـەی سـەرنجدان، چونکە هەندێکجار چەند مانگێک و بگرە تەنانەت سـاڵانێک دوای ڕووداوەکە دروسـت دەبن. هەروەها بابەتەکە نیشـانی دەدات تراوما تەنیا لە یەک شـوێن زیان بە مێشـک ناگەیەنێت؛ بەڵکو دەتوانێت بە جارێک زیان بە چەندین شـوێن بگەیەنێت، لە نەرمە بەشەکانی پێشەوە کە مامەڵە لەگەڵ بڕیاردان دەکەن تاکو ئەو پێکهاتە وردترانەی وا بەسـتراونەتەوە بە کاراکردنەوەی ترس و بیرەوەرییەوە. تەنانەت کاتێک پێداگەرییەکانی وەک بەشی ژماردنی ژوورمەند (CT) یان دەیدەیی پەرچەدەنگی موگناتیسی (MRI) ئاسایی دەردەکەون، هێشتا دەکرێت برینی بچووک و شـاراوە هەبن کە بە هێواشی پرۆسـەی بیرکردنەوە، هەسـت و ڕەفتارەکان بە تێپەڕینی کات ڕەنگڕێژ بکەنەوە (Katz, 1998).

هەروەها بەپێی توێژینەوەیەکی (Behrendt & Moritz)، ئەو ژنانەی دوای خەتەنەکردن دوچاری تراوما دەبنەوە، دوای ڕووداوەکە کێشەی بیرەوەریان لا دروست دەبێت، کێشەکە لایەنی بیرچوونەوە و هەڵەکاریی یادەوەرییش دەگرێتەوە. ئەمەش دەیسەلمێنێت خەتەنەکردن دەشێت ببێتە هۆکاری ژانێکی توند و قووڵی هەستەکی (2005).

پەیوەست بە پرسەکەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکە بە شێوەیەکی ڕوونتر بخرێتە بەرچاو، توێژینەوەیەک لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە ئەنجامدراوە سەبارەت بە هەمان تەوەر، کە تیایدا بە شێوەیەکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ ڕەوشە دەروونییەکەی ژنان دەکات.

ئاسێرمن لە لێکۆڵینەوە دەروونشیکارییەکەیدا بۆ پرسی خەتەنەکردن، بڕینی پارچە ئەندامێکی زاوزێ وەک جێگەیەکی مانا ڕەمزییە بەناویەکداچووەکان لە چوارچێوەیەکدا دەخاتە ڕوو نەک وەک تێکەڵکردنێکی تەواو لەشناسی یان پزیشکی. بە هێڵێک لە تیۆری فرۆید-لاکانی، خەتەنەکردن وەک دالێکی دابودەستووریی خەسان پێناس دەکات، کە ڕۆڵێکی تەوەریی لە جێکەوتکردنی سوبێکت لە ڕەمزاندندا، دەگێڕێت. لە کاتێکدا ئاسێرمن بە ڕاددەیەکی زۆر سەرنجی لەسەر خەتەنەکردنی پیاوانە، بەڵام ڕاڤەکانی بۆ "بڕین" وەک نەشتەرگەرییەکی دەروونی و ڕەمزییکارکردی فراوانتریان هەیە بۆ تێگەیشتن لە خەتەنەکردنی ژن وەک تۆمارێکی تراومایی شوناسی ڕەگەزی. لە کارەکەیدا باس لەوە دەکات چۆن خەتەنەکردن دەبێتە فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی سزادەر بۆ هێنانە ئارای جیاوازی سێکسی، کە خاڵی چوونە ژوورەوە بۆ ناو زمان، یاسا و شوناس لە ڕێگەی نیشانەی لەدەستچوونەوە، سنووردار دەکات. بە زاراوەیەکی لاکانی، بڕینەکە تەنیا توندوتیژی نییە، بەڵکوو بونیادمەندییە؛ بە بڕینی بەشێکی جەستە لەگەڵ یاسای باوکدا، سوبێکتیڤیتە بەرهەم دەهێنێت. توێژینەوەکە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە ئەم بڕینە نەک تەنیا جێدەستی جەستەیی بەڵکوو برینێکی دەروونیش جێدەهێڵێت، برینێک کە چۆنیەتیی ئەزموونکردنی ئارەزوو، هەستکردن بە تاوان و وابەستەیی ڕەمزی ئاڕاستە دەکات. ئەمەش خەتەنەکردن دەکاتە شوێنێک بۆ گەڕان لەوەی چۆن تراوما نەک تەنیا لە ئاستی ئازاری تاکدا بەڵکوو لە ڕێگەی بونیادە گەمارۆدراوەکانی بەکۆمەڵەوە لە مانا، خستنەژێر ڕکێف و توندوتیژیی ڕەمزیدا، کار دەکات (Osserman, 2017).

سـەرەرای فرەیی هۆکارەکان لە پشـت خەتەنەکردنی مێینەوە، بەشـێک لە توێژەران جەخت لەســەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم کردەیە ڕەگوڕیشــەیەکی قووڵی لەنێو دنیابینی نێرســالاریدا هەیە. کردەکە وەک پەیڕەوێکی نێرانە هەوڵی ســەرەتا و کۆتایی ســەپاندنی هەژموونی پیاو دەدات بەسەر جەستە و ڕەگەزی ژندا. لەم ڕوانگەیەوە، زۆربەی پێناسەکان هاوڕان بەوەی خەتەنەکردن بە هەر چوار جۆرەکەیەوە، یەک ئامانجی بنەڕەتی هەیە، ئەویش شـێواندن و لەناوبردنی چێژی سـێکسـییە لە ژناندا. ئەمەش لە ڕێگەی زیانگەیاندن بە کلیترۆس (قیتکە) ئەنجام دەدرێت. بڕینی ئەم بەشــە بچووکە هۆکارە بۆ لەناوبردنی هەشــت هەزار دەماری هەســتەوەری تایبەت بە چێژ. (بەیان عەزیزی) لە توێژینەوەکەی خۆیدا لەمەڕ کۆمەڵێک پرس پەیوەســت بە ژنان درێژەی پێدەدا، بەوەی هەرچەند پیاو لەکاتی ئەنجامدانی کردەکە غیابە و نائامادەیە، بەڵام ئەم کەمئەندامکردنەی جەستەی ژن لە بنەڕەتدا لە پێناو خواست و زاڵبوونی هەژموونی پیـاودا ڕوو دەدات. ئـامـانجێکی ســەرەکی ئەم کـارە، کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووی سـێکسـیی کچە پێش پرۆسـەی هاوسـەرگیری، تاوەکو چەمکە کۆمەڵایەتی و ئـاینییەکـان لە چەشــنی نـامووس پـارێزراو بن. لە ئەنجـامـدا جەســتەی ژن لە دۆخە سروشتییەکەی خۆی دادەماڵرێت و دەبێتە جەستەیەکی سست و نەخشەکێشکراو بەپێی سـتانداردەکانی کۆمەڵگە. لە کۆتاییدا ئەم پابەندکردنەی جەسـتەی ژن، پیاو لەو دڵەڕاوکێ و ترســە ناوەکییە ڕزگار دەکات کە ســەبارەت بە پاکیزەیی و کۆنترۆڵکردنی ژن هەیەتی تا ئەو ساتەی دەبێتە خاوەنی (عەزیزی، ٢٠٢١).

29ی کـانوونی یەکەمی 2008، ڕۆژنـامەی (Washington post) ی ئەمریکی ئـامـارێکی لەســەر خەتەنەکردنی کچان لە باشــووری کوردســتان بڵاوکردووەتەوە. ئاماژە بەوە دەکات لە کوردستان، لە چاوکەمی دانیشتووان، زیاتر لە 60% ی ئافرەتان لە ناوچەکانی کوردستان خەتەنەکراون. ئەم ڕاپۆرتە بە دانانی وێنەی خەتەنەکردنی کچێکی بچووکی 7 ســاڵان، کە لە باوەشی دایکیدایە و لەســەر دەســتی پیرێژنێک کە بە گوێزانێک خەریکی کارەکەیە، بڵاو کرایەوە. ئەمەش بووە جێگەی ســەرنجی بەرپرســانی حکومەت، تا وای لێهات، وەزیری ئەوقاف لەو کاتەدا لێدوانێکی دا و پێی وابوو، ئەمە زیاتر حاڵەتە نەوەک دیاردەکی بەربڵاو (ئەحمەد & ئەلمونتەســیر، ٢٠١٠). بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی ڕێســا بۆ مافەکانی

مرۆڤ، بەپێی نوێترین ئامارەکان سـەبارەت بە ڕێژەی خەتەنەکردن لە هەرێمی کوردسـتان بۆ ساڵی 2024، ژمارەکە گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار و شۆکهێنەر، 35.5%، ئەم ڕێژەیە بەو مانایە دێت لە هەر سێ کچ یان ژنێک، زیاتر لە یەکێکیان ڕووبەڕووی ئەم تاوانە دەبنەوە. ئەم ئامارە دەکرێت زەنگێکی مەترسیدار بێت بۆ کۆی کۆمەڵگە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان. بەپێی زانیارییەکان دیاردەکە هەریەکە لە ناوچەکانی، ئیدارەی ڕاپەرین، گەرمیان، دهۆک بەربڵاوە. ئەوەی جێگای دڵگرانییە، ئەم پرۆسـەیە لە هەرێم بە شـێوەیەکی نهێنیئامێز و دوور لە یاسـا ئەنجام دەدرێت (٢٠٢٥). بەپێی نوێترین ئاماری ڕێکخراوی تەندروسـتیی جیهانی، زیاتر لە 200 ملیۆن کچ و ژن لەسەر ئاستی جیهاندا خەتەنەکراون. لە هەمان کاتدا ساڵانە سێ ملیۆن کچ لە مەترسی خەتەنەکردندان. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ئەم کردەیە بەپێی ڕێکار و یاسا نێودەوڵەتییەکان، هیچ نییە جگە لە پێشێلکردنی ماف. کردەکە لەهەر سوودێکی تەنـدروسـتی بەدەرە و بە پێچەوانەشـەوە زیـانی زۆری هەیە. بەپێی ئەو خەمڵانـدنەی ڕێکخراوی (WHO) تێچووی چارەسـەر بۆ ئەو ژنانەی خەتەنەکراون، ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلارە. ئەگەر بێت و ڕوو لە زیادبوون بکات ئەوا تێچوویەکی زیاتری دەوێت. بەپێی ئەو ڕووپێوییەی ڕێکخراوی (WADI) ی ئەڵمانی، بۆ سـاڵی 2021، لە هەرێمی کوردسـتان 48%ی خانمانی سەروو پازدە ساڵ خەتەنەکراون. ئەمە لە کاتێکدایە، بەپێی یاسای ژمارە 8 ی ساڵی 2011، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بڕیاری قەدەغەکردنی پرۆسەی خەتەنەکردنی داوە. ئەو کەسـانەشی هەوڵی ئەنجامدانی دەدەن یاخود بەشـدارن بەپێی یاسـاکە سزا دەدرێن (CHANNEL 8, 2024).

## بەشی سێیەم: میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە چوارچێوەی میتۆدی چەندایەتی، ئەم میتۆدە شـێوەڕێگەیەکی ئەزموونیی (ئەزموونمەند)ە، کە بایەخ بە خەمڵاندنی گۆڕاوەکان و تاقیکردنەوەی پەیوەندیی نێوانیـان دەدات بۆ خەسـڵەتپێدان بە نموونە، کۆپەیوەنـدیی و ئەڵقە هۆبەنـدەکان. بە شـێوەیەکی گشـتی، میتۆدەکە ئەو داتا ئامارییانەی لە ڕێگەی ئامرازە بونیادمەندەکانی وەک تاقیکاری و ڕاپرسی کۆکراونەتەوە، بەکار دەهێنێت (Leavy, 2017).

## کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

## نموونەی توێژینەوە

بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە (68) کەس، لە ڕەگەزی مێینە، کە خۆبەخشانە ڕەزامەندییان بۆ ئەم توێژینەوەیە دەربڕیوە. هەڵبژاردنی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە نموونەی وەرگرتنی تۆپەڵەبەفرینە. نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوون لەو ژنانەی، تەمەنیان لەنێوان 15-54 ساڵ بوون. کراون بە چوار گرووپی تەمەن. ژمارەی بەشداربووان بەپێی تەمەن بەمشێوەیە بوو: تەمەنی 15-24 ساڵی (57.2%) بەشداربوون، تەمەنی 25-34 ساڵی (29.5%) بەشداربوون، تەمەنی 35-44 ساڵی (8.8%) بەشداربوون، تەمەنی 45-54 ساڵی (4.5%) بەشداربوون. هەروەک لە خشتەی ژمارە یەک نیشاندراوە:

| خشتەی ژمارە ١ : زانیارییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوە | | |
| --- | --- | --- |
| گۆڕاوەکان | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
| **تەمەن** | | |
| 24-15 | 39 | %57.2 |
| 34-25 | 20 | %29.5 |
| 44-35 | 6 | %8.8 |
| 54-44 | 3 | %4.5 |
| **باری خێزانی** | | |
| سەڵت | 34 | %50 |
| هاوسەردار | 29 | %42.5 |
| جیابووەوە | 5 | %7.5 |
| **باری ئابووری** | | |
| باش | 22 | %32.5 |
| مامناوەند | 35 | %51.5 |
| خراپ | 11 | %16 |
| **شوێنی نیشتەجێبوون** | | |
| گوند | 22 | %32.5 |
| شار | 46 | %67.5 |

**پێوانەکان:**

بۆ پێوانەکردنی تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو، توێژەر پێوەری (Cloitre, M 2018)ی بەکار هێناوە کە پێکهاتبوو لە 17 بڕگە، لە بەرامبەر هەر بڕگەیەک 5 بژاردە هەیە کەوا لە (بەهیچ شێوەیەک) (0) دەستپێدەکات و بە (ئێجگار زۆر) (4) کۆتایی دێت.

نموونەیەک لە بڕگەکان "وێنە و یادەوەریی ڕووداوەکەم دێنەوە یاد، لەوکاتەدا وەک ئەوەیە جارێکی تر ڕووداوەکەم بەسەربێتەوە."

**ئامرازە ئامارییەکان:**

ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بۆ شـــیکردنەوەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتی بوون لە یاسای(One sample T .test) بۆ زانینی ئاستی تراوما لای بەشداربووان. یاسای

(Independent sample T, test) بەکار هـاتووە، بۆ زانینی گۆڕاوی دیمۆگرافی گونـد و شــار .بۆ زانینی ئاســتی تراوما، بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی، ئابووری، یاســای ( One Way ANOVA)ی بەکار هاتووە..

**بەشی چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە**

لێرەدا هەوڵ دەدرێت ئەنجامەکان، بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە بخرێنەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت.

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو**

بەکارهێنانی یاســای (One Sample T.Test) بۆ زانینی ئاســتی تراوما لای بەشــداربووان بەکار هاتووە. نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (68) کەس، لە ئەنجامدا هەروەک لە خشتەی ژمارە (2) پیشـــاندراوە. دەرکەوت (ناوەندی ژمێرەیی= 30.66) بە (لادانی پێوەری= 6.10) و (ناوەندی گریمانەیی= 28). هەروەها (نمرەی ئازاد= 67). بەهای (t= 3.59). لەبەر ئەوەی بەهای (p= 0.001) بچووکترە لە ئاســتی گوزارشــت (0.05), ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، بەڵگەداری ئـامـاری هەیە. کەواتە ترومـا لای نموونەی توێژینەوە بوونی هەیە. هەروەهـا

قەبارەی کاریگەریی (Size Effect) دەکاتە (0.04) بەپێی یاسای (cohen) تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو بە ئاستێکی مام ناوەند هەیە.

**خشتەی ژمارە (٢) زانینی ئاستی تراوما بەشێوەیەکی گشتی لای نموونەی توێژینەوە**

| ناونیشان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای T | ناوەندیی گریمانەیی | نمرەی ئازاد DF | بەهای P | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوانەکردنی تراوما لای ژنانی خەتەنەکراو | 30.66 | 6.10 | 3.59 | 28 | 67 | 0.001 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی تراوما لای ژنان بە گوێرەی گۆڕاوی باری خێزانی**

بە مەبەستی زانینی ئاستی تراوما بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی، یاسای (One Way ANOVA) بەکار هاتووە. لە ئەنجامدا هەروەک لە خشتەی ژمارە (3) پیشاندراوە، دەرکەوت ئەوانەی خێزاندارن (29) کەسی لەخۆ گرتووە و ناوەندی ژمێرەیی (30.34) و بە لادانی پێوەری (4.61). ئەوانەی باری خێزانییان سەڵتە (34) کەس لەخۆ دەگرێت. ناوەندی ژمێرەیی (30.55) و بە لادانی پێوەری (6.49). ئەوانەی باری خێزانییان جیابووەوەیە (5) کەسە، بە ناوەندی ژمێرەیی (33.20) و بە لادانی پێوەری (10.89). دەرکەوت بەهای F (0.46) وە نمرەی ئازاد (67). لەبەر ئەوەی بەهای P (0.62)، ئەمەش گەورەترە لە ئاستی گوزارشت (0.05) بۆیە بەڵگەداری ئاماری نییە. کەواتە تووشبوون بە تراوما جیاوازی نییە، لە نێوان هەرسێ باری خێزان (سەڵت، هاوسەردار، جیابووەوە).

**خشتەی ژمارە (٣) زانینی ئاستی تراوما بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی**

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی M | لادانی پێوەری SD | بەهای F | بەهای P | نمرەی ئازاد DF | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | 30.55 | 6.49 | 0.46 | 0.62 | 67 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| هاوسەردار | 30.34 | 4.61 | | | | |
| جیابووەوە | 33.20 | 10.89 | | | | |

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی تراوما لای ژنان بەگوێرەی گۆڕاوی باری ئابووری**

ئەنجامەکان بۆ ئامانجی سـێیەم، دوای تۆمارکردنی داتاکان، یاسـای (One Way ANOVA) بەکار هاتووە، لە ئەنجامدا هەروەک لە خشـــتەی ژمارە (4) پیشـــاندراوە. لە کۆی (68) کەس، باری ئابووری باش (22) کەس لەخۆ دەگرێت، ناوەندی ژمێرەیی (29.36) و لادانی پێوەری (4.29). ئەوانەشی باری ئابوورییان مام ناوەندە بریتییە لە (35) کەس. ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (31.20) و لادانی پێوەری (6.23). لە کۆتاییشـــدا باری ئابووری خراپ (11) کەس. ناوەندە ژمێرەیی (31.54) و لادانی پێوەری (8.55). هەروەها دەرکەوت بەهای F (0.74) و نمرەی ئازاد (67). لەبەر ئەوەی بەهای (P= 0.48) ئەمەش گەورەترە لە ئاستی گوزارشـتی (0.05)، بۆیە بەڵگەداری ئاماری نییە. کەواتە تراوما جیاوازی نییە بەپێی گۆڕاوی باری ئابووری.

**خشتەی ژمارە (٤) زانینی ئاستی تراوما بەپێی گۆڕاوی باری ئابووری**

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی M | لادانی پێوەری SD | بەهای F | بەهای P | نمرەی ئازاد DF | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باش | 29.36 | 4.29 | 0.74 | 0.48 | 67 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| مامناوەند | 31.20 | 6.23 | | | | |
| خراپ | 31.54 | 8.55 | | | | |

**ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی تراوما لای ژنان بە گوێرەی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون**

بۆ زانینی ئاستی تراوما بەپێی گۆڕاوی شوێن (گوند و شار) یاسای Independent (Samples) Test بۆ بەکارهاتووە. لە ئەنجامدا دەرکەوت هەروەک لە خشتەی ژمارە (5) پیشاندراوە، ژمارەی بەشداربووان لە گوند (22) کەسە. ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (30.66) و لادانی پێوەری (6.35). و دانیشتووانی شار (46) کەسە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (30.67) و لادانی پێوەری (6.5). هەروەها دەرکەوت بەهای T (0.12) و نمرەی ئازاد (67). لەبەر ئەوەی بەهای (P= 0.98) ئەمەش گەورەترە لە ئاستی گوزارشتی (0.05) بۆیە بەڵگەداری ئاماری نییە. لە ئەنجامدا، جیاوازی نییە لە نێوان دانیشتووانی گوند و شار.

**خشتەی ژمارە (٥) زانینی ئاستی تراوما بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون**

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی M | لادانی پێوەری SD | بەهای F | بەهای P | نمرەی ئازاد DF | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوند | 30.63 | 6.35 | 0.12 | 0.98 | 67 | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| شار | 30.67 | 6.05 | | | | |

گفتوگۆ:

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاودژە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشووتر، کە جەخت لەسەر کردەی خەتەنەکردن وەک هۆکارێک بۆ دروستبوونی تراوما دەکەنەوە. بە شێوەیەکی پەیوەســـتـدار بە تراومـاوە، هەروەک لە هەڵســـەنگـانـدنەکەی Abdollahzadeh, Nourizadeh, &) (Sattarzadeh Jahdi, 2023.دا دەرکەوتووە، لە ڕێگەی پشـکنینێکی ســـتانداردەوە کە بۆ 155 ژنی ئێرانی ئەنجام دراوە، تیایدا ئەوە بەر دیدە دەخرێت، کە لە کۆی ئەم ژمارەیە ڕێژەیەکی کەمیان ڕووبەڕووی دەردەنیشـــانە (Symptoms) ەکانی تراوما بوونەتەوە. هـاوپەیوەســـت بە هەمـان بـابەتی توێژینەوەکە، لێکۆڵینەوەیەکی تر لەلایەن (Behrendt & Moritz, 2005)ەوە ئەنجام دراوە. لەم توێژینەوەیەدا 23 ژنی خەتەنەکراو لە سەنیگالدا وەک ئاماری سەرەکی وەرگیراون. دەرکەوتووە ئەو ژنانەی خەتەنەکراون، ڕێژەی تووشبوونیان بە تراوما گەیشتووەتە 30% و زۆربەیان دوچاری کۆنیشانەکانی پۆست-تراوما هاتوون.

بە پێی هەڵســـەنگاندنی ئەم توێژینەوەیە، ئەنجامێک نەخشـــەکێش بووە تیایدا تراوما وەک ڕووداوێک کە بەهۆی کردەی خەتەنەکردنەوە ژنان ئەزموونی دەکەن، لایەنی ئابووری وەک دیوێکی بنچینەیی کۆمەڵگە کارکردی لەســـەر بەرزی و نزمی ڕێژەی تراوماکە نەبووە. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە (کامیل ئەحمەدی) لە توێژینەوەیەکیدا، کۆگیرانە ئەوە پیشـــان دەدات کە نزمی باری ئابووری پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ خەتەنەکردندا هەیە. پەیوەســـت بە توێژینەوەکەی نـاوبراو، کە پشـــتی بە پرســـیـارنـامەی جۆری DHS و MICS بەســـتووە، گەیشـتووەتە ئەو ڕاسـتییەی کچانی سـەر بە بنەماڵەی دەوڵەمەند، ڕێژەی خەتەنەکردنیان کەمترە بە بەراورد لەو کچانەی سەر بە خێزان و بنەماڵەیەکی هەژارن (٢٠٢٣).

یەکێک لە دەرەنجامەکانی تری توێژینەوەکە، دەریخســـت کەوا ڕێژەی تووشـبوون بە تراوما بەپێی گۆڕاوی شـوێنی نیشـتەجێبوونی (گوند و شـار) جیاوازییان نییە. ئەمەش هاوشـانە بە ئەنجامەکانی ڕاپرسـییەکی دامەزراوەی (تۆمسـن ڕۆیتەرز فاوندەیشـن)، کە لە سـاڵی 2013 ســـەبارەت بە کۆمەڵگەی میسرـ ئەنجام دراوە. تیایدا دەرکەوتووە 27.2 ملیۆن ژن، کە هـاوتـایە لەگەڵ 91%ی کۆی ژنـانی ئەو وڵاتە، ڕووبەڕووی ئەم ئەزموونە بوونەتەوە. ئەم ئامارە دەرخەری ئەوەیە کە کردەی خەتەنەکردن وەک دیاردەیەکی کولتووری کۆی شـــار و

گوندەکانی ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە. لەپاڵ ئەمەش شـایەنی باسـە، ئەم کردەیە تەنیا تایبەت نییە بە قۆناغی منداڵی، بەڵکو لە تەمەنی پێگەیشـتوویيشـدا ئەنجام دەدرێت. سـەرچاوەکان ئاماژە بە قورسـیی دەرەنجامەکانی دەکەن، کە لە هەندێک حاڵەتدا دەگاتە ئاسـتی شـێواندنی تونـدی ئەنـدامی زاوزێ و تەنـانەت گیـان لەدەسـتـدان بەهۆی خوێنبەربوون و شــۆکی دەروونییەوە (کوردە، ٢٠٢٢).

گەر ئەم دیاردەیە بخەینە نـاو تیۆرییەکی تر، وەک دەروونشـیکاریی لاکانی، ئەوا زەبرەکە کۆمەڵە مانایەکی بونیادیی و چڕ وەردەگرێت جیاواز لە شرۆڤەکردنەکانی پێشوو.

خەتەنەکردنی ژنـان لە بنچینەدا بۆ پڕکردن و کاملکردنی نـاسـنـامەی نێرە، کە دەڵێت من فـالووسـم هەیە، بەڵام هەبوونی فـالووس هەبوونێکی ڕەمزییە نەک بـایۆلۆجیی. لێرەدا هەڵەتێگەیشـتنی پیاو سـەبارەت بە فالووس [کە ڕەمزییە] وادەکات لە شـتێکی بونیادییەوە بیگۆڕێت بۆ بایۆلۆجی، بۆیەشـە دڵەڕاوکێی هەبوونەکەی بۆمسـەر جەسـتەی ژن دەرهاوێژ دەکات، بەو مـانـایەی بڕینی جەسـتە سـەقامگیرکردنی پانتایی ڕەمزیی بەدوادادێت [ئەو پانتاییەی لەسـەر فالووس دروسـتبووە و لە کرۆکیشـدا خۆی نووقسـانە]. واتە وەهمی سـوبێکتی پیـاو دەکەوێتە دۆخێکی جێگۆڕکێکردنەوە. بەڵام گەر کێشـەکە لە دڵەڕاوکێی پیاوانیشـەوە بێت، ئەوا پێویسـتە بزانرێت کە بەتەواوی دلەڕاوکێکە لەبارەی چییە. هەموو سـوبێکتێکی پیاو کە خەسـیو و ڕەمزیوە، ئامانج لە هەبوونی فالووسـەکەی گەیشـتنە بە ژویسـانس، ژویسـانسـیش وەک لاکان دابەشی دەکات، دوو جۆرە: ژویسـانسی۔ ژنانە [ئەوەی کە بۆ ئەودیو پانتایی ڕەمزی دەڕوات و ملکەچی هیچ یاسا و ڕێسا و زمانێک نابێت]، لەگەڵ ژویسـانسی۔ پیاوانە [یان ئەوەی کە دەڵێن ژویسـانسی۔ فالووسی، کە تەنیا چێژ/ژانەکە لەنێو پانتایی ڕەمزییە]. ئەم بۆ-ئەودیو-ڕۆیشـتنەی ژویسـانسی۔ ژنان هۆکاری هەرە سـەرەکیی دروستکردنی دڵەڕاوکێیە لە پیاوان، پیاو وەک سوبێکتێکی ملکەچ بە پانتایی فالووسی ڕەمزی ڕێگە نادات شـتێک لەپاڵ ئەو هەبێت دوور، ئەوداتر بڕوات، بۆیەشـە کە ژن نا-هەمووە، دەیـانەوێـت بەم کردەی خەتەنەکردنە بیکەن بە "هەموو"، واتە بە تەواوی بیڕەمزێنن، لێرەدایە فالووسی خەیاڵی بە فەنتازیاسـازییەکی کۆنتڕۆڵکەر وا لە پیاو دەکات وەهمی ئەوەی بۆ دروسـت ببێت کە تەنیا خەتەنەکردن ژن دەڕەمزێنێت. واتە ئەکرێت شـتێکی تریش

بگوترێ، "خەتەنەکردنی ئەندامی ژنان هەوڵێکە بۆ ڕەمزاندنی "ڕیاڵ" کە لە بەدحاڵیبوونێکی خەیاڵییەوە هەڵگۆزراوە و دواجار پانتایی ڕەمزی دەیقۆزێتەوە [وەکچۆن بەدحاڵیبوونی سوبێکت بە وێنەی ناو ئاوێنەکەوە سەرمەست دەبێت].

بەڵام گرێکە هەر بەوەندەوە بەتەواوی باس ناکرێت، لەبەرئەوەی گەر لاکان بڵێت پیاو فالووسی هەیە و ژن فالووسە، کەواتە بۆ پیاوکە خاوەن ژنە [فالووسە] دەستکاریی فالووسەکە یان با بڵێین فالووسەکە دەبڕێت، لێرەدا ئەکرێت وەڵامی ژویسانس بۆ ئەوە پڕاوپڕ هەر ڕاست دەرچێت، بەڵام گەر ژن فالووس بێت [شارەمزی ئارەزوو]، ئەوا ژن هەڵگری شتێکە یان هەر خودی خۆی کە فالووسە ئەبێت بە شتێک کە پیاو سەرتاپا دەترسێنێت لەوەی لەدەستی بدات، واتە ژن بیرهێنەرەوەی نووقسانیی ~پیاوە~.  واتە بەدحاڵیبوون لە فالووس، کۆنترۆڵکردنی فالووس، دژبوون بە ژویسانسی- مێیینە، خەسانی پێشوەخت، دواجار ئەوانە هەمووی بەرەو یەک ئامانج هەڵدەکشێن و بە بڕین و دەستدرێژیلردن بۆمسەر جەستەی ژنان، دەسکەوتێکی وەهماوی پێشکەش بە پیاو دەکەن. بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ ژنێتییەکەی فرۆید کە دەڵێت ژن کیشوەرێکی تاریکە و ناچالاکیی ئەو  چالاکیی پیاو دووچاری لادان دەکات.

واتە لە دەروونشیکاریی لاکان، پێویستە لەو دیاردەی خەتەنەکردنە وەک ڕەمزاندنی ڕیاڵی نەڕەمزێنراو تێبگەین، کە پانتایی ڕەمزی [لێرەدا فالووس واتە باوکسالاریی و ئەمەش بەتەواوی پێگەیە بەڵام پێگەکە بەدحاڵیبوونێکی بایۆلۆجی تووش بووە] بەسەر ژندا دەیسەپێنێت. گەر بیبەستینەوە بە بایۆلۆجییەوە، خەتەنەکردنی ژن کە ئەو بەشەی قیتکەیە وا دەکات ئۆرگازم و ڕەحەتبوونی ژن بکاتە شتێکی ئەستەم، چونکە بەشە بڕدراوەکە لووتکەی چێژ و ڕەحەتبوونە و ئێستاکە لێکراوەتەوە، بەڵام لەوانەیە پرسیارێکی تر دروست ببێت، ئەویش ئەوەیە گەر ژن بە خەتەنەکردنی ئەندامەکەی بگۆڕێت بۆ شتێک کە تێربوونەکەی مەحاڵ بێت، ئەوا نابێتە هۆکاری دڵەڕاوکێی زیاتر بۆ پیاوان لەوەی چۆن ئێستاکە ئەو ئارەزووە بۆ ژن پڕ بکەنەوە؟ واتە نەبڕینەکەی باشتر نەبوو؟ لێرەدا وەڵامە ڕاست و قایلکەرەکە ئەوەیە کە نەدەبوو وابکەن و هەم بۆ خۆیان و هەمیش بۆ ژن، بەڵام پانتایی ڕەمزی شتێک ناکات کە  ڕاست بێت، ئەو وەک پێشتر وتمان بەهۆی بەدحاڵیبوونێکی

فالووســـیيەوە ژن خەتەنە دەكات نەک بۆ مەحاڵكردنی ئۆرگازمی ژن، یان ســـێكســـكردن بەشـێوەیەكی قورس لەگەڵی، بەڵكوو بۆ كۆنترۆڵكردنی جەسـتەكەیەتی، واتە پیاو بە بڕینێكی بایۆلۆجی وەک بەڵگەیەكی دیدەكیی ئەوە بۆ [ژن] دەســـەلمێنێت كە خاوەنی ئەوە ڕێک بەم لۆژیكە "مـادام من نـاتوانم چێژی ئەو پڕبكەمەوە، ئەوا دەتوانم چێژ وەرگرتنی بكەم بە ئەســتەم." واتە ســەرەڕای ئەوەی كە پیاو بە بەراورد بە ژن لاوازە لە سـێكس، چونكە پیاو بكەرە و ژن بە پێچەوانەوە لە سـێكس بدەرە، ئەوا وادەكات ئەو "دان"ە ژن بۆ خودی خۆی نەبێت بە چێژ، بەڵكوو ببێت بە مەحاڵ.

لێرەدا كە ئارەزووی ژن سـەرووی ئارەزووی فالووس و پیاوە، ژویسـانسـەكەی سـەرووتری یـاســای پیـاوە، جەســـتەكەی موڵكی خۆیەتی، هەموو ئەمـانە وادەكەن پیـاو بەم بڕینە هەڵبســێت، بەڵام ئەوەی پیاو و یاســای فالووس ناتوانن بیرەمزێنن ئەوە نییە، بەڵكو لەژێر ئەم جەســـتەیەی ژن "بونیـاد" هەیە، ئەمەیە كە بۆ هەمیشـــە وەک ڕیـاڵ دەمێنێتەوە و خەتەنەكردن دووبارە دەبێتەوە بە شكسـتێكی پانتایی ڕەمزیی دەرهەق بە ژن. واتە بونیادەكە ئەوەیە كە زنجیرەی دالەكان بەڕێوەی دەبەن، خەتەنەكردن كە جەســـتە بریندار دەكات بە زەقكردنەوەی ئەندامێک نابێتە هۆكاری ئەوەی بونیادەكە كە بونیادی ژنیش ژویسـانسـە، لە یاسای فالووس جێگیر بێت، بۆیەشە هیچ شتێک نا-هەمووێتیی ژن بگۆڕێت و بیرەمزێنێت.

**كەموكورتی و لایەنە بەهێزەكانی توێژینەوەكە:**

یەكەم/ لایەنە كەموكورتییەكانی توێژینەوە:

١. كەمیی ژمارەی بەشداربووان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێكی وردتر.

٢. سنووورداری ئاستی جوگرافی كە پتر ڕەنگدەرەوەی ئەزموونێكی شوێنمەند دەخاتەڕوو.

٣. خودتەوەربوون (Being Bias) بەهۆی هەســـتیـاریی بـابەتەكە بۆ ڕێژەیەكی زۆری بەشداربووان.

دووەم/ لایەنە بەهێزەکانی توێژینەوە:

١. بەشداریکردن بە قوربانییانی دیاردەکە وەک لەپێشینەترینی بەشداربووان.

٢. پەیوەستبوونی توێژینەوەکە بە ڕەهەندی کاتەکیی و شوێنەکیی ناوچەکە.

٣. هێنـانەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکـانی پێشـــووتر لەســـەر ڕاســـتییەکی بـابەتی (objectivity).

٤. هەستیاری بابەتەکە و ئاوڕدانەوەیەکی زانستییانە لێی.

**ئەنجامگیری:**

توێژەر بەو ئەنجـامە گەیشـــت، کە پەیوەنـدی لەنێوان دروســـتبوونی تراومـا و کردەی خەتەنەکردنی ژنـانـدا هەیە. بەو پێیەی ئەنجـامـدانی کردارەکە بەســـتراوی تونـدوتیژییەکی جەســـتەیییە، ئەوا ڕاســـتەوخۆ زەبرێک بەر دەروونی قوربانییەکە دەکەوێت و ڕووداوێکی درێژخـایەنی وەک تراومـای لێـدەکەوێتەوە، کە هەر بیرهێنـانەوەیەک ســـەبـارەت بە خەتەنەکردنەکەی شـــۆکێکی دووبارەبووەوە زیندوو دەکاتەوە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری دەروونزانی گرنگە، چونکە خســـتنەڕووی ئەم زەبرە دەروونییە لە ڕێگەی ئـامـارەوە، زەمینە بۆ توێژینەوە و توێژەرانی داهاتوو دەڕەخسێنێت تا ڕاوەستەی زیاتر لەسەر ئەم پرسـە کێشـــەئامێزە بکەن. هەروەها توێژینەوەکە هانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات لە بەرامبەر دیاردەیەکی وەهادا بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن و هەڵوێست بنوێنن.

**ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:**

**ڕاسپاردەکان:**

١. دامەزراندنی ناوەندی چارەسەری دەروونی تایبەت بە ژنانی خەتەنەکراو.

٢. کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ پزیشکان و دەروونناسان لەسەر چارەسەری تراوما.

٣. دانانی سزای توندتر لەسەر هاندەر و بکەرانی ئەم کردەیە.

٤. دانانی پرۆگرامی تایبەت بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان لە مەترسییەکانی خەتەنەکردن.

**پێشنیارەکان:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر کاریگەرییە دەروونییەکانی خەتەنەکردن.

٢. دانانی پرۆگرامی تایبەت لە خوێندنگە و دەرەوەی خوێندنگە بۆ هۆشیاریی سەرجەم چین و توێژەکان.

٣. بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر زیانەکانی ئەم دیاردەیە لە ڕێگەی پلاتفۆڕمە جیاوازەکان.

٤. دروستکردنی گرووپی پشتگیری بۆ بەگژداچوونەوەی هەر بیرێکی چەقبەستوو.

## لیستی سەرچاوەکان


ئەحمەدی، کامیل (٢٠٢٣). بەناوی نەریت توێژینەوەیەکی گشـتگیر سـەبارەت بە خەتەنەی ژنان، چاپی دووەم، چاپخانەی دانشفەر، لا ١٠٠.

ئەلمونتەســیر، خالید (٢٠١٠). خەتەنەکردنی کچان. وەرگێڕانی هیوا ســاڵح، چاپی یەکەم، کوردستان_سلێمانی، لا ٦٧-٦٨.

ئیســماعیل، ئازاد عەلی (٢٠٢٣). دەروونســاغی، چاپی یەکەم، ســەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری- سلێمانی، لا ٩٦.

حەســەن، ئەفرام محەمەد (٢٠١٩). دەروازەیەک بۆ نەخۆشــییە دەروونیەکان و هەندێک نەخۆشی دەروونی، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕێنوێن- سلێمانی، لا ١٤٧.

حوســێن، محەمەد تەها (٢٠٢٤). هەڵچوونەکان بنیاتە دەروونی و کولتوورییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای فێربوون_هەولێر، لا ٤٩.

ســەعید، فایەق (٢٠١٦). پۆســتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی مارگرێت_چاپخانەی تاران، لا ١٥.

عەزیزی، بەیان (٢٠٢١). دەروونشــیکاری جەســتەی قوربانی کە منم کە ژنم، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆسا_هەولێر، لا ١٧-٢٦.

کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٨). ئامادەیی فرۆید لە دەقە فەلسەفەییەکاندا. وەرگێڕانی سەردەم، چاپی یەکەم، فرۆید دامەزرێنەری دەروونشیکاری، دەزگای سەردەم_سلێمانی، لا ٣٦.

کوردە، هێرۆ (٢٠٢٢). تێڕوانینە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژن و پێگەی ژن، چاپی یەکەم، کتێبی ئەلیکترۆنی_هەولێر، لا ١٦-٢٠.

ماوندێر و کامیرۆن (٢٠٢٣). تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی، و. دیاری سـابیر، چاپی یەکەم، دەزگای ڕەهەند_سلێمانی، لا.٢٢-٢٤.

مایەرز، تۆنی (٢٠١٤). فەلسـەفەی سـلاڤۆی ژیژەک. وەرگێڕانی وەلید عومەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم_سلێمانی، لا ٥٩-٦٣.

میللەر، بۆنی (٢٠٢٢). دەروونددروستیی قوتابی، و. ڕێدار محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای فام_هەولێر، ١٤٣-١٤٤.

مۆرگان، سیدۆ. د (٢٠٢١). بنەماکانی زانستی دەروونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک_تاران، لا ٨٧٢-٨٨٣.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

مۆتەکەی خەتەنەکردن لە کوردستان: 35%ی مێینە ڕووبەڕووی ئەم پێشێلکارییە ترسناکەی مافی مرۆڤ دەبنەوە. (2024, Nov 8). https://shorturl.at/M1B4l

سالار، س. (2024, Feb 6) تەندروستی جیهانی: 200 ملیۆن کچ و ژن خەتەنەکراون. https://channel8.com/kurdish/news/38365

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Abdollahzadeh, M., Nourizadeh, R., & Sattarzadeh Jahdi, N. (2023). Post-traumatic stress disorder among Iranian women with genital mutilation: A cross-sectional study. Reproductive Health, 20(1), 59. https://doi.org/10.1186/s12978-022-01561-0

Behrendt, A., & Moritz, S. (2005). Posttraumatic stress disorder and memory problems after female genital mutilation. American Journal

of Psychiatry, 162(5), 1000–1002. https://doi.org/10.1176/appi.ajp.162.5.1000

Hussein Hamad, A., Mirkhan Ahmed, H., Fattah Hajimam, A., Ali, A. N., & Saber, A. F. (2024, July 19). Psychosocial and sexual aspects of female genital circumcision in a sample of Kurdish women in the Kurdistan Region of Iraq. Cureus, 16(7), Article e64881. https://assets.cureus.com/uploads/original_article/pdf/272732/20240818-1134631-6om5t2.pdf

Katz, D. I. (1998). Neurology and trauma. Journal of Neuropsychiatry and Clinical Neurosciences, 10(3), 363–364.

Leavy, P. (2017). Research design: Quantitative, qualitative, mixed methods, arts-based, and community-based participatory research approaches (pp. 19–20). The Guilford Press.

Mambrol, N. (2017, June 21). Sigmund Freud and the trauma theory. Literary Theory and Criticism. https://literariness.org/2017/06/21/sigmund-freud-and-the-trauma-theory

NovoPsych. (2023, March). International Trauma Questionnaire (ITQ) [PDF]. https://novopsych.com/wp-content/uploads/2023/03/International-Trauma-Questionnaire-PDF-ITQ.pdf

Osserman, J. H. (2017). On the foreskin question: Circumcision and psychoanalysis (Doctoral dissertation, University of London, Birkbeck College).

Robinson, L., Smith, M., & Segal, J. (n.d.). Emotional and psychological trauma. HelpGuide.org. https://www.helpguide.org/mental-health/ptsd-trauma/coping-with-emotional-and-psychological-trauma

World Health Organization. (2023, March 15). Female genital mutilation. https://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/female-genital-mutilation